www.kurdistannet.org

# یادکردن، یا ستایشکردن؟

ئەڵێن ئێبراهیم کەشفی خودای کرد بوتخانەی شکان خەڵکی رەزگار کرد
بەڵام بۆ مرۆڤ ئەویش هەروەها بتێ زۆر گەورە و بەسامی ساز کرد
سەعی، ساڵی١٩٨٥

ژیان و تەندروستی بۆ هیچ کەسێک تا سەر نییە! نەخۆشی و مەرگ لە رێگای هەر بوونەوەرێکدایە. بە بۆنەی یەکساڵ تێپەربوون بە سەر مردنی ئاغای مەنسور حیکمەت چەند کوردێک وەک کاک (فاتێح شێخ)، (خالد حاجی محەمەدی)، (ئەسەد نەودینیان)، ( ئێرج فەرزاد) و ... لە ژمارە ١٦٥بڵاوکراوی ( ایسکرا) کە تەرخان کراوە بۆ ستایشکردنی مەنسور حیکمەت، چەند بابەتیان نووسیوە.
دیارە چ لە باری خۆشەویستی دەرونی و چ لە باری بیروباوەریەوە مردن و نەمانی هەر کەسێک کاردانەوەی لە سەر کەسانێک دەبێت کە ئەو کەسەیان لە دەسداوە. یادکردنی ئەو کەسەی کە کۆچی کردووە کارێکی ناپەسەند نییە! بەڵام کاتێک یادکردنەوە بگاتە پلەی ستایشکردن خۆی باسێکە کە مرۆڤ ئەباتەوە دەورانی سەرهەڵدانی بوتپەرەستی و کۆلایەتی.
بە هۆی ئەوەی زۆربەی ستایشکەران ئەناسم، هەروەها خودی کۆچکردوویش لە رێگای بووچوونەکان و هەڵوێستەکانییەوە سەبارەت بە ئێران و ئێراق و کوردستان دەناسم، سەرنجتان بۆ ئەم نووسراوە رادەکێشم.
ئاغای حیکمەت ساڵی ١٣٦٠ هاتە لای (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)و(حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)یان لە گەڵ کۆمەڵە پێکهێنا.
بە هۆی ئەوەی ساڵی ١٩٩٤ نووسراوەیەکم بە ناوی: (**حیکمەتی هاتنی ‹مەنسور حیکمەت› و هاورێیانی بۆ کوردستان**) لە ژمارە(١٥و١٦و ١٧)ی گۆڤاری (کۆمار) لە سوید خستە بەر دەست خوێنەران، لێرەدا نارۆمە ناو ئەو باسەوە کە بۆچ هاتوەتە کوردستان. لەم نووسراوەدا هەنێ لە بۆچوونەکانی دەسنیشان ئەکەم.
سەبارەت بە شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ خەڵکی ئێران کە بە دروشمی ( استقلال ـ آزادی ـ جمهوری اسلامی) دەسەڵاتی پادشاییان هەڵتەکان. دەنووسێت:

{(**انقلاب ٥٧ سوسیالیسم کارگری در ایران را فعال کرد. مارکسیسم** فضا **و فرجه‌ای برای رشد پیدا کرد در بیرون سازمانهای سیاسی چپ و رادیکال جنبش کارگری با شوراها و مبارزه برای کنترل کارگری. با جنبش بیکاران و با** اعتراضات **روزمره برای گسترش اقتدار و حقوق کارگران وسیعا فعال شده بود.**= **شۆڕشی ٥٧ سۆسیالیزمی کرێکاری لە ئێراندا چالاک کرد. مارکسیزم مەیدانی گەشەکردنی بۆ رەخسا لە دەرەوەی رێکخراوەی چەپ و رادیکاڵ و شۆراکان کەوتە چالاکی بۆ کۆنترۆڵی کرێکاری. لە گەڵ جوڵانەوەی بێکاران و لەگەڵ نارەزایی دەربڕین بۆ پەرەدان بە دەسەلات و حقوقی کرێکاران بە شێوەیەکی بەرین هەڵدەسووڕا.** ) جزوه حزب کمونیست، کۆمەڵە و کمونیسم کارگری. ص ١٧مەنسور حیکمەت}.

لێرە پیویستە ئەو پرسیارە بکرێت ئەگەر ئەو بارودۆخە لە ئێراندا لە ئارادا بووە بۆچ هاتوونەتە کوردستان، بۆچ لە تاران (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)، یان ( حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران) یان دروست نەکردووە ؟ سەبارەت بە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان بە دژی دەوڵەتی ئێراق بەم جۆرە دەڵێت:



{(... **الان کمونیست کَشونه. بنظر خودم میگفتم کمونیست کَشونه. ناسیونالیسم رفته شهرو گرفته. پول دستشه و اسلحه دستشه. رادیو و تلویزیون دستشه و به اَدم میتونه بگه ماموستا.**)=( **ئێستا کۆمۆنیست کوژانە. لە روانگەی خۆمەوە دەمکوت کۆمۆنیست کوژانە. ناسیۆنالیزم رۆیشتوە شار گرتووە. پارە و پوڵی لە بەر دەستایە. چەک و تەقەمەنی هەیە. رادیۆ و تەلەویزیۆنی بە دەستەوەیە و دەتوانێ بە مرۆڤ بڵێت مامۆستا.**) « www.rowzane.com »}.

بۆ ئاگاداری خوێنەران: لەو دەورانە کە بە قسەی ئاغای حیکمەت لە کوردستاندا کۆمۆنیست کوژان بووە، ئەم چەند کەسە: امجد غفور، ئاسۆ، خەسرەو سایە، ریبوار احمەد، تاهر حسن و... لە ١٩٩٣/٧/٢١ (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) یان راگەیاندووە! ئەوەیش هەندێک لە چالاکییەکانی ئەو حیزبە:

١ـ{(بەرنامە بە بۆنەی ٧٠ساڵەی مردنی لنین لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، ٢ـ («دیواری ئازاد» لە سلێمانی و هەولێر بە دەس پێشخەری، حیزبی کۆمۆنیست کرێکاری ئێراق و رێکخراوە پێشرەوەکانی سلێمانی و هەولێر) ٣ ـ (لە شارەکانی کوردستان ١٠٠ هەزار کەس بە بۆنەی رۆژی کرێکارانەوە هاتنە سەرجادە. کۆمیتەی بەرێوە بردنی یەکی مانگی مەی بەهاوکاری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراق،... ) ٤ـ ( بەرنامەی رێزدانان بۆ کۆچی دوایی مەنسور حیکمەت لە سلێمانی) ـ ٥ (بەرێوەبردنی کۆنگرەی دووەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراق بە ئاشکرا لە سلێمانی).
ئەنترناسیۆناڵی ١٣ـ ١٨ـ ١٩ـ ٢٠ـ ١١٥ـ ١٣٧}.

٦ـ ئەندامانی حککع لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا ئازادانە بەشدارییان کردووە.

٧ ـ جگە لەو چالاکییانە، { حککع، لە کوردستاندا هێزی چەکداری هەیە، ئەو هێزانە هەم زیانی گیانییان بووە، و هەمیش زیانی گیانییان بە حیزبەکانی کوردستان گەیاندووە و ئەوەیش لە خەباتی چەکداری هەر بووە!

وەسفکردنی راپەڕینی ئیسلامی خەڵکی ئێران بەو جۆرە، و هەڵسەنگاندنی راپەرینی خەلکی کوردستانیش بەو جۆرە، پرسیارێکی مەزن دێنێتە ئاراوە..!

ئاغای حیکمەت ساڵی ١٩٩٩ لە کۆڕێکدا باسی دەورانی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکاتو دەڵێت: {**الان یک افق بزرگتر. یک سردر بزرگتر درست کردەایم (پرویز شافعی) میتونه بخندە و حالا تو چادر بشینه. هنوز برای رادیو بنویسە. میتونه این کار بکنه. ئێستا ئاسۆیەکی بەرین، دەروازەیەکی گەورەترمان دروست کردووە( پەرویز شافێعی ) دەتوانێت پێبکەنێت و ئێستا لە ناو چادردا دانیشێت. ئێستا بۆ رادیۆ بنووسێت. دەتوانێت ئەم کارە بکات**.}.

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم کاک ( پەرویز شافێعی) بە ئێوەی خۆشەویست بناسێنم.



**{(رۆژی ٢٨ی مانگی اَبان(گەڵارێزان)ی ساڵی ١٣٦٤گوندی یازبلاغی لە ناوچەی فەزیولابەگی سەقز مەیدانی جەنگێکی قورس و گران بوو لە**

**نێوان هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و دوو کادری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هاورێیان (محەمەد خەلیلی) و (پەرویز شافێعی) کە بۆ بەرێوەبردنی کاری حیزبی چووبوونە ئەو گوندە. لە دەمەوبەیاندا دەکەونە ئابلۆقەی پاستارانی سەرمایەداری. پاش جەنگێکی سەخت و گران هاوریٚ محەمەد خەلیلی شەهید دەبێت. هاوریٚ پەرویز کە دەبینیٚ هاوسەنگەرەکەی شەهید بووە. پەلاماری پاستارەکان ئەدات. لەو کاتە ئەسیر دکرێت. هەر لەو شوێنەدا گوللەباران دەکرێت. بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی جەنازەی ئەو هاورێیە دەبەن بۆ شارەکانی ( سایەنقەلا) و ( تیکانتەپە) بۆ نمایشدان. پاش نمایشدان لە جادەی نێوان ئەو دوو شارەدا جەنازەکەیان فریٚ دەدەن . دانیشتوانی گوندێکی ناوچەکە دەرۆن و بەرێز و ئێحترامێکی شایستە لە گۆرستانی گوندەکەی خۆیان دەیاننێژن.**). (پێشرەو) ئۆرگانی رەسمی رێکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ـ کۆمەلە ـ ژمارە ١٣سالی ١٣٦٥}

یاسای مرۆڤایەتی ئەلێت: کەسێک کە مرد، نابێت بە سوکی و بیٚ ئێحترامی ناوی ببرێد! بە تایبەت ئەگەر لە رێگەی شۆرشدا گیانی لە دەس دابێت!

کاک (خالد حاجی محەمەدی) لە نووسراوەکەیدا کە ستایشی ئاغای حیکمەت دەکات، باسی کەسێک ئەکات کە بەدەس دەولەتی ئیسلامی ئێران تیرباران کراوە. ئەو کەسە شەهید (نیزام حەسەنی) یە.

کاک خالد بەم جۆرە دەنووسێت:{(**در همین دوران بود که اولین نامه رفیق جانباخته نظام حسنی را که در آن زمان از مسئولین تشکیلات مخفی سازمان پیکار در سقز بود در دفاع از نظرات اتحاد مبارزان بدستم رسید و فهمیدم که او با تعدادی از رفقای دیگر شهر به اتحاد مبارزان کمونیست سمپاتی دارد.**= **لەم دەورانەدا بوو کە یەکەمین نامەی هاوریٚ گیانبەخت کردوو ( نیزام حەسەنی ) کە بەرپرسی بەشی نهێنی رێکخراوەی پەیکار لە شاری سەقز بوو بە دەست گەیشت کە لایەنگری لە بۆچوونەکانی ئیتحادی مبارزانی کۆمۆنیست دەکرد بەدەستم گەیشت. و بۆم دەرکەوت کە لە گەل کۆمەلێک لە هاورێیانی دیکەی شار لایەنگری لە ئیتحادی مبارزانی کۆمۆنیست دەکەن** ). بلاوکراوەی ایسکرا، ژمارە ـ ١٦٥} . وەک

دەبینین کاک خالد بە شێوەیەکی ئیسانی و سیاسی باسی شەهید (نظام ) و کەسانی دیکەی شاری سەقز دەکات وشەی (رفیق جانباختە) بەکار دەبات.
جێگەی داخە ئاغای حیکمەت بۆ ئەو پێشمەرگە شەهیدەی کە ئەرتەش و پاستارانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران بەو شێوە بێ ئێحترامیان پێ کردووە، نەک وشەی ( رفیق جانباختە= هاورێی شەهید) بەکار نابات، بەڵکۆ ئەڵێت:
(**ئەتوانێ پێبکەنێت و لە ناو چادردا دانیشێت و ئێستایش بۆ رادیۆ بنوسێت**.).
ئاغای مەنسور حیکمەت جگە لەوەی کە بەو جۆرە باسی ئەو پێشمەرگە دەکات. سەبارەت بە دەورانی ئازاد بوونی شارەکانی کوردستان لە راپەڕینی ١٩٩١دا دەڵێت:{ناسیونالیسم رفته شهرو گرفته، پول دستشه و اسلحه دەستشه، رادیو و تلویزیون دستشه و به اَدم میتونه بگه ماموستا.= ناسیۆنالیزم شاری لە بەردەستایە، پارە و پۆڵ و چەک و تەقەمەنی هەیە، رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی هەیە و دەتوانێ بە مرۆڤ بڵێت مامۆستا.}
وشەی مامۆستا وشەیەکە کە لە ناو خەڵکدا بۆ رێزدانان بەکار دەبرێت، سەدان ساڵ پێش ئەوەی رێکخراوەی سیاسی لە کوردستان و ئێران و ئێراق... بێنە مەیدانی ژیانەوە وشەی مامۆستا لە ناو خەڵکدا بووە. جێگەی داخە ئاغای حیکمەت گاڵتە بە زمانی خەڵکیش ئەکات !
هیوادارم ستایشکەران برۆنە ناغی ئەو شیعرە جوانە فارسییەوە، بە داخەوە ناوی شاعیرەکەی نازانم :

این همه جنگ و جدل حاصل کوته نظریست
گر نظر پاک کنی کعبه و بتخانه یکیست

**تێبینی. سەبارەت بە ناوی راستەقینەی مەرحوم مەنسوور حیکمەت**:
{(ئەوەی کە لە قسەکانی مەنسور لە یاد ماوە بریتییە لەوەی کە مەنسور حیکمەت‹ ژوبین رازانی› کاتێک کە لە زانستگای شیراز دەرسی دەخوێند لە گەڵ کتێبی رۆمان ئاشنایی پەیدا کرد و لە سالی ٥٣- ٥٤ دا بەو هۆیەوە بێ ئەوەی پێوەندی بە گرۆپێکەوە بێت بانگ کرا بۆ ساواک. لەو دەورانەدا ئەو هیچ جۆرە هۆشیاری سیاسی پەیدا نەکردبوو، بەم هۆیە لە سەر راسپاردەی باوکی ‹ محەمەد حسێن› و

www.kurdistannet.org

له گەڵ بەڵێن دان بە هاوکاری بێ وێنە لە گەڵ ساواکدا پاش چەند ڕۆژێک گرایەوە بۆ ماڵەوە.

پاشان لە لایەن باوکییەوە و بە ڕەزامەندی ساواک، لە گەڵ براکەی خوسرەو داوەر ‹ شاهین رازانی› بۆ درێژەدان بە خوێندن چوو بۆ ئینگلستان و تا کاتی ڕاپەڕین لە پەنای دەرس خوێندندا، ساواکی لە دەوروبەری خۆی ئاگادار دەکردەوە.) رۆژنامە نیمروز ژمارە ٤٢٠، لاپەرە ٣٣، ساڵی ١٣٧٦=١٩٩٧ ‹ نویدی پور›}

سەعی سەقزی ٢٠٠٣/٧/٨ ستۆکۆڵم